# دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەندی مەزنی کوردئەنوەر قەرەداغی وهونەرمەندی دەنگخۆش و بەتوانا عەبدولقادر حەسەن

گۆران هەڵەبجەیی



لە مانگی ئایاری ئەمساڵداو بە مەبەستی بشداریکردن لە ئاهەنگەکانی 30 یەمین یادساڵی دامەزراندنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان،تیپی مووزیکی سلیمانی گەشتیکی هونەری بە چەند وڵاتێکی ئەوروپادا کرد. یاوەری تیپەکە هونەرمەندان حەمەجەزاو عەبدولقادر حەسەن بوون.
دانیمارک یەکێک بوو لەو وڵاتانەی ئەو تیپە ئاهەنگی تێدا گێرا.
ئامادەبوانی ئاهەنگەکەی کۆبنهاگن بە شێوەیەکی شایستەو زۆر بە گەرمی و بە چەپڵە ڕێزان پێشوازیان لە تیپەکەکرد.کەئەمەش ڕەنگدانەوەی هەستی جوانی ئامادەبووان بوو لە بەرزنرخاندنی ڕۆڵی تیپی مۆسیقای سلیمانی لەبزافی هونەری گۆرانی و مووزیکی کوردیدا.
لە سەرووەختی پشوویەکی ئاهەنگەکەی کۆبنهاگندا هەلم قۆستەوەو سەرپییانە چەند پرسیارێکم ئاراستەی مامۆستا ئەنوەرو عەبدولقادر حەسەن کرد، کە ئەوانیش بەڕێزەوە بەرسیڤیان دایەوە.
مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی



پ/ ئەم گەشتەی ئەوروپاتان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

و/ تا کۆتایی بە جەولەکەمان نەهێنین ناتوانم لەڕوی هەڵسەنگاندنەوە بگەمە نەتیجەیەکی ئەوتۆ،بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە ئەم سەفەرەمان ئەزمونێکی چاکە بۆ ئەو هونەرمەندانەی لە کوردستانەوە دێن و ئاهەنگ بۆ کوردەکۆچکردوەکان سازدەکەن وشاددەبنەوە پێیان.لەهەمان کاتدا تێکەڵ بوونێکە لەگەڵ کۆمەڵگای ئەوروپیدا، کە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بەو هونەرەی کە لە کوردستانەوە هێناومانە بۆ ئێرە. بێگومان ئەمانیش بۆچوونی ئیجابیانەیان دەبێت لەسەر هونەرەکەمان کە دەبێتە مایە گەشبینی بۆ ئێمە،

ئێمە وەک میللەیتی کورد کەلتوورێکی جوانمان هەیە کە بەداخەوە نەمانتوانیوە بەچاکی بە میللەتانی دەرەوەی نیشانبدەین، چونکە دەستوپێمان بەسترابوویەوە نەماندەتوانی بێینەدەرەوە.

بۆیە لەوبڕوایەدام لەمەودوا بتوانین زیاتر جوڵەبکەین و ئەو کەلتوورە جوانە بەشێوەها نیشانبدەین.

پ/کوردەکانی هەندەران چۆن پێشوازیان لێکردن؟

و/نازانم بە چ جۆرێک گوزارشت لەو پێشوازیە بکەم کە سەرتاپا پڕبوو لە هەستی خۆشەویستی و سۆزو ڕیزو لە ئامێزگرتن، بەڕاستی پێشوازیەکی زۆر جوان بوو.

پ/ بەنیازنین لەئایندەدا ئەم جۆرە ئەزموونانە دووبارەبکەنەوە؟

و/ خوایاربێت بەنیازین لەئایندەدا بە شێوازی دیکە دووبارەی بکەینەوە، بە بەشداری گرووپەگەلی هەمەڕەنگ ، واتە نەک هەر تیپی سلیمانی، ئەویش بەمەبەستی نیشاندانی ئەو ووزەچاکانەی کەلە کوردستاندا هەن،تا ئەم کۆمەڵگایانەپتر بە هونەرەکەمان ئاشنابن.

پ/ هەست بە هیچ جیاوازیاک دەکەیت لە نێوان کوردستان و هەندەراندا لە ڕووی کۆنسەرت گێڕانەوە؟
و/ بێگومان جیاوازی زۆرە ، لێرە جۆرێکە لە ئاوێتە بوونەوە لەگەڵ ناخی کوردستاند ، جۆرێکە لە ژیانەوە لەگەڵ کوردستاندا. بۆیە زۆرجار نمایشێکی وا لەسەرەتادا جۆرە گوێگرتنێک هەیە بەڵام دواتر دەبێتە هەڵپەڕکێ، جا هیوادارم لە ئایندەدا ئەمە چارەسەربکرێت چونکە موزیک خۆی لە خۆیدا گوێگرتنەزیاتر لەوەی ا هەڵپەڕکێ بێت. بۆیە دەڵێم پێویستە گوێ بگرن پێویستە لە گەڵ ناخی مۆسیقاکەدا بژین.
خۆشحاڵم لە کوردستاندا جەماوەرێکی زۆرجوان هەیە بۆ بابەتی کۆنسەرت، ئیدی مۆسیقای کلاسیک بێت یا میللی یا تەقلیدی کە هەر جۆرێک لەمانە جەماوەری خۆی هەیەو بە ڕیزەوە گوێ بۆ ڕادێرن .
پ/ هۆکار چییە کە کوردەکانی هەندەران پترتامەزرۆی گۆرانی هەڵپەرکێن وکەمتر مەیلیان بۆ کۆنسەرت ودانیشتن بە هێمنی وگوێگرتن بۆ میلۆدیای هێمن هەیە؟
و/خەڵک لیرە تینووە دوورە لە کوردستانەوە بە دڵ و لە ناخەوە لەگەڵ کوردستاندا دەژی وەلی دەست و پێی بەستراوە بۆ گەرانەوە، هیوادارم هەموویان بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەیان وخزمەت بکەن و بە هەموومانەوە کوردستانایکی ئازاد و نوێ درووست بکەین و شانبەشانی میللەتان بڕۆین.
پ/ پتر لە چل ساڵ خزمەت لە بواری موزیکدا، چەندساڵیکیش لەوە کەمتر لە نێو تیپی موزیکی سلیمانیدا،مامۆستا ئەنوەر هەنووکە خۆی لە کوێدا دەبینێتەوە؟ هاوکات پاش ئەم دیرۆکە زەنگین ورەنگین و پڕ لە شانازیەی تیپی موزیکی سلیمانی، بەڕێزت چۆن ڕەوتی کاروانی تیپەکەتان هەڵدەسەنگێنیت؟

و/ من هەتا بمێنم هەر قوتابیەکم هەتا بمێنم هەر خزمەتچیەکی هونەری کەلتووری کوردیم. لەبەر ئەوەی هەرچیەکم کردبێت لە هەر ئاستێکدا بێت ، لە بارودۆخی خۆیدا خزمەتێکی بچوک بووە بە کۆمەڵگاکەمانم بەخشیووە.
هاوکات جەماوەر دەتوانێت بڕیار لەسەر کارەکانی من بدات و من چۆن ببینێتەوە. هێشتا خۆم لە سەرەتادا دەبینمەوە ، هەستدەکەم مرۆڤ تا فێر بێت هەر کەمە ، بۆیەپێویستە بەردەوام فێربین.
سەبارەت بە تیپی مووزیکی سلیمانیش،شانازی بە مێژووی پڕ بەرهەمی جوان و ڕەنگینی دەکەم،بێگومانم تیپەکەمان پێگەی تایبەتی لای هونەردۆستانی کورد هەیە ،ئومیدەوارم بەردەوام بەرهەمی چاک و بەپێز پێشکەش بکات و پتر جێگەی خۆی لە دڵ و دەروونی جەماوەردا بکاتەوە.



گەلێک سوپاس و سەرفرازی بۆ مامۆستای بەڕیز.
سوپاس بۆئێوەش.

## هونەرمەند عەبدولقادرحەسەن



سەرەتا بەخێرهاتنتان لێدەکەم بۆ ولاتی دانیمارک ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لەم گەشتەی ئەوروپادا.
پ/دیارە ئەمە یەکەمجارتانە لەهەندەران ئاهەنگ سازدەکەن ،تا ئێستا چەند وڵاتێکیشتان بەسەرکردووەتەوە،چ هەستێکتان لا گەڵاڵە بووە؟
و/ پێشەکی بەخیرهاتنتان دەکەم بۆ ئەم دیمانەیە، لە وەڵامی پرسیارەکەشتدا دەڵێم، بەش بەحاڵی خۆم ئەمە یەکەم جارمە بۆ کۆنسەرت سازکردن بێمە هەندەران لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلیمانیدا، هەڵبەت برادەرانی تیپی مۆسیقاش یەکەمجاریانە بۆ هاتنە دەرەوە،زۆرخۆشحاڵبووم بەم هاتنەمان،ئەمە بۆ ئیمە هەلێکی هونەریە تا بتوانین لە ڕێگەیەوە خزمەتی خوشک وبراکانمان بکەین لیرە. بەڕاستی خودی خۆم کە چاو بە هۆڵەکەدا دەگێرم ئەو هەمووخوشک و برایانە بە کە خێزانەوە هاتون بە کەیف و خۆشیەوە دەبینم بێگومانم بەخۆشی ئێمەوە هاتون هێندەی دیکە شاددەبم، خۆ گەر لە سلیمانیش سازمانکردایە وابزانم هەر بەهەمان شێوە دەهاتە بەرچاوم.دەتوانم بڵێم لێرە زیاتریشیان بۆ کردوین، بۆیە زۆر سوپاسیان دەکەین.
پ/ ئەم گەشتەی هەندەرانتان هیچ ئەزمونێکت پێدەبەخشێت؟
و/ بێگومان هەرکارێکی هونەری دوور لە ژینگەی خۆی ئەنجام بدرێت بۆ خۆی ئەزمونێکی نوێیە گەرەکە هونەرمەند کارایانە توانای خۆی تیدا بەکار بهێنێت، جا ئەوسۆزو پێشوازیە گەرمەی کورەدکانی

نیشتەجێی ئەوروپا بەرامبەر بە ئێمە نیشانیانداگوزارشت لە رێزو خۆشەویستیان دەکات بەرامبەر بە ئەدای تیپەکەمان کە ئەمەش هاندەرە بۆمان بۆ بەرهەمی باڵاتروجوانترو سەرکەوتووتر.
پ/ زۆربەی هونەرمەندە کوردەکانی هەندەران لەسەر ئەو ڕایەن کە تاراوگە هاندەرو یاریدەدەر نیە بۆ پێشڤەچوون و گەشە کردنی گۆرانی و مووزیکی کوردی ، بەوەی ئەو بوارانەی لەکوردستان لەبۆهونەری گۆرانی ڕەخساوەلە تاراوگە بوونی نیە . ئەم گلەیی و گازندانەش لەبۆ میدیاکوردیەکان دەریدەبڕن. تۆ لەو ڕووەوە چ دەبێژیت؟
و/ بەنسبەت ئێمەوە کە لە کوردستان دەژینچ من چ برادەرانی مووزیکژەن تەنها کاری هونەری دەکەین و هیچی دیکە،
ببورە پێتدەبڕم کەواتە بە هونەرەکەتان دەژین؟
بەڵێ بەوە دەژین ،هەروەها لە دامودەزگاکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری کاردەکەین و لەوێش مووچەخۆرین،
وەلێ دیارە دۆخەکە لێرە بە چۆرێکی دیکەیە،لەوانەیە زۆرێک لە گۆرانیبێژەکان کاربکەن بۆ بژێوی خۆیان، کە ئەمەش کەریگەری سەلبی لەسەر هونەرەکەیان دەنێت.
پ/ ئەوەی گووتت تا ڕادەیەک ڕاستە وەلێ ئەوە لایەنێکی کێشەکەیە، چونکە زۆربەی گۆرانیبیژانی هەندەرانیش لە ئاهەنگەکاندالە بڕی پارە بەشداری دەکەن ، هاوکات سی دیش دەردەکەن، یانی بەگشتی لە تەنگەشەی ماددیدا ناژین، من مەبەستم لایەنی تەکنیکییە.
و/ ڕاستە بەڵام هەرچۆن بێت ناکرێ بارودۆخی هونەری ئێرە بخەینە ئاستی کوردستان.

ئێمە لە کوردستان بەردەوام یەکتر دەبینین، دەتوانین بەخێرایی بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری کۆببینەوە، بەڵام ئەوەندەی بزانم ئەوکارە لێرە زەحمەتی تێدەیە.

پ/ ئەوەندەی من بزانم عەبدولقادر حەسەن لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی بە گۆرانی گووتن کردووە و لەنێو جیهانی هونەری گۆرانیدا ئەستێرەیەکی دیارە، وەلێ گەر عەبدەلقادر لەگەڵ هەر گۆرانیبێژێکی ئەم سەردەمەی ئێستادا بەراورد بکەین دەردەکەوێت عەبدولقادر بەرهەمی کەمە، هۆکارەکان چین؟

و/ ئەوە ڕاستە من بەرهەمم کەمە هۆکارەکانیش ئەوەن کە من ماوەیەکی دریژ بەهۆی چونەدەرەوەو پێشمەرگایەتیەوە لە کاری هونەری دابڕام،کەئەوەش جێی فەخرو شانازیە بۆمن وەک هونرەمەندێک بەشداری لە خەباتدا بکەم، هەروەها من نەمویستوەکارێکی هونەری بەرهەم بهێنم کە بەدڵی خۆم و جەماوەر نەبێت و لە ئاستیکی هونەری نزمدابێت. هەڵبەتە من لەکاری هونەری نەوەستاوم ناوبەناو کاری جوانم کردووە.

هاوکات مەرج نیە بەرهەمی زۆر نیشانەی سەرکەوتوویی هونەرمەندبێت، تۆ بڕوانە هونەرمەندی مەزنی کورد مامۆستا کەریم کابان بەرهەمەکانی ئەوەندە کەمن زەحمەتە سی دی یەکی لی پێکنهێنرێت لەگەڵ ئەوەشدا لەئاستی هونەریدا پلەیەکی بەرزی هەیە و خاوەن ڕێزو حورمەتی جەماوەرە.

پ/ تۆ وەک ئەندامێکی تیپی مۆوزیکی سلیمانی بۆت هەیە لەتەک گرووپی مووزیکی دیکەدا گۆرانی بچڕیت یا نەء؟

و/ ئێمەی هونەرمەندانی سەربە تیپی مۆسیقای سلیمانی لەمەو بەر بۆمان نەبوو لەتەک گرووپی دیکەدا گۆرانی بچڕین، وەلی ئێستا بۆمان هەیە.

پ/ بۆ ئیستا بۆتان هەیەو پێشتر بۆتان نەبوو؟
و/ لەبەر ئەوەی تیپی مووزیکی سلیمانی ئەو دەرفەتەی نیە{ سی دی} یەک تایبەت بۆمن  یا بۆ هونەرمەندێکی دیکە تۆماربکات بۆنمونە کاری ئامادەکردنی گۆرانیەک جاری وابووە تا کاتژمێر سێی شەوی خایاندووە،بۆیە دەڵێم لەوانەیە چەند بەرهەمێکم بۆ ئامادەبکات بەڵام بۆ تۆمارکردن شوێنی تایبەتی دەوێت. هاوکات بۆشمان هەیە وەک چەند برادەرێک لە بەشێکی  تیپی مووزیکی سلیمانی پێکەوە کاری هونەری هاوبەش ئەنجام بدەین.
بۆنمونە مووزیک ژەنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لە سلیمانی بوون پێشنیاریان کرد کە چەند ماددەیەکیان بدەمێ خۆیان لەوێ مووزیکی بخەنەسەرو بۆم بنێرنەوە پاشان خۆم دەنگی بخەمەسەر.
پ/ ئەی لە کوردستانی باشوور کارت لە تەک گرووپی دیکە ئەنجام داوە؟
بەڵی لەتەک کۆمەڵی هونەرووێژەی کوردی.
- ئەوە لە هەفتاکاندا بوو من مەبەستم ئێستایە.
نەخێر ئێستا تەنها لەگەڵ تیپی مووزیکی سلیمانی کاردەکەم.
پ/ عەبدولقادر حەسەن لە کاتی ئێستادا خۆی  بۆچی ئامادەدەکات؟
و/ ئێستا چەند گۆرانیەکی نوێم بەدەستەوەیە کە هەندێکیان لە شێوەی کلیپدا بەرهەم دێن، وە بۆ ئەو مەبەستەش چەند وێنەیەکی جوانی ئەوروپامان گرتووە کە لە خزمەتی کلیپەکەدا دەبن. من لە بەرهەم هێنانی گۆرانیدا پەلەناکەم ناشمەوێ زۆربێ و بۆربێت، دەمەوێ ئاوازەکە  هۆنراوەکە جوانتربکات یاهۆنراوەکە گۆرانیەکە بنەخشێنێت، یانی بەهەموو گۆرانیەکی سەرکەوتووی لێدەرچێت.
 جاهیوادارم بتوانم لەدەرفەتێکی نزیکدا بینەرو بیسەری کوردبەو بەرهەمانە شادبکەم .

دوواپرسیار/ ڕات چیە سەبارەت بەو کلیپانەی لە هەندەران دینە بەرهەم؟چونکە زۆرێک لەشارەزایانی گۆرانی و مووزیکی کوردی هاوکات هونەر دۆستان و بینەرانیش پێیان وایە بەشێکی زۆر لەو کلیپانە دوورن لە زەوقی هونەری و گۆرانی کوردی دەشێوێنن.
و/ منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدام، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هونەرمەندان لێ هەرکەسیک چەند گۆرانیەکی گووت بەوە نابێتە گۆرانیبێژی سەرکەوتوو و بە ئەزموون.
ئەوەی هەستی پێدەکەم و دیارە لێرە لە هەندەران بەبێ سەلیقە کچی گەنجی جوانی ئەورووپی دەخنیننە ناو کلیپەکانەوە،کە زۆرجارهیچ جۆرە گونجانێك لەنێوان تیکست یا گۆرانی یا بابەتی کلیپەکەدا نیە.
چ گرفتێکە گەر وێنەی نێو کلیپێک سرووشتی دەرەوەبێت، یا ناوبازاڕێک بیت. هاوکات زۆر وێنەی سەرنجڕاکێش و جوان هەن با ئەوانە بەکار بهینن.
ئەی گلەیی و ڕەخنەت لەو تەلەفزیۆنانە نیە کە ئەو بەرهەمە ئاست نزمانە پەخش دەکەن؟
بەڵی گلەییم هەیە، ئومێدەوارم لەداهاتوودا شتی وا بڵاو نەکەنەوە.

سوپاس و هیوای سەرکەوتن
منیش زۆر سوپاسی بەرێزتان دەکەم ئەرکتان کێشا، وە بەراستی خۆشحاڵ بووم بەم بەسەرکردنەوەیە هەربژین.

halabja@ofir.dk